# بانگەواز

# لە پێناو ئاشکرا کردنی چارەنووسی ئەنفال کراوەکانی کوردستان

کارەساتی کیمیاباران و ئەنفالەکان یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگەکانی نەتەوەیمان و، لە ڕۆژگارێکی وەك ئەمرۆدا، بە تایبەتی پاش روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری صدام حوسێن و ئازاد کردنی عێراق. ئەوەتانێ دەرفەتێکی زێرین هاتۆتە پێشەوە، بۆ ئەوەی هەرچی لە توانادایە، کارو چالاکی بۆ ئەو پرسە بکەین و، رای گشتی نێو خۆیی نێو نەتەوەیی، هەروا ڕێکخراوەکانی مرۆیی و کەناڵەکانی میدیای جیهانی لێ وە ئاگا بێنینەوە، ئەمجار لەمڕۆ بە دواوە پێویستە لە هەموو ڕویێکەوە کاری بە جدی و پراکتیکی بۆ ئەو پرسە بکرێ، بەوەی کە پرسێکی گرنگە لە دیرۆکی نەتەوەیی و، خەباتی چارەنوسازی گەلەکەماندا، دیارە روون و ئاشکرایە کە ئەنفال کۆدێکی سەربازی عێراقی بوو، کە ڕژێمی عێراق لە زنجیرە شالاوێکی بەربلاوی دڕندانە دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامیدا، کە لە ٢٢ و ٢٣ شوباتی ١٩٨٨ دەستپێکرد و تا ٦ ی ئەیلولی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، هەروا لە چەندان شوێن چەکی کیمایی بۆ قرکردنی بە کۆمەڵ بەکار هێناوە، تراژیدیترین تاوان لەو مەیدانەدا بەکار هێنانی چەکی کیمیاییە لە هەڵەبجە لە ١٦/ ٣ / ١٩٨٨ دا، کەوا ٥٠٠٠ مرۆڤی فەوتاند جگە لە زیانی دیکە کە تا ئەمڕۆ نەوە دوای نەوە بە دەست مەینەتییەکانی ئەم چەکە کۆکوژییە دەناڵێنن ئەمجار لە شالاوەکانی ئەنفالدا ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد بە موسوڵمان و مەسیحی و ئێزیدی ئەنفالکران و هەزاران کوردی فەیلی و ٨ هەزار بارزانی بێ سەر و شوێن کران، کە تا ئەمرۆش چارەنووسیان نادیارە، جگە لەوەی زیاتر ٤٥٠٠ گوندی کوردستان وێران کران و، ڕووبەرێکی فراوان ڕەز و بیستانی کوردستان سوتێنران و، بە سەدان کانی و سەرچاوەی ئاو وشك کران و، سەر و سامانی هاولاتیان بە تالان بردران، کە دەکرێ لە هەریەك لەو بابەتانە لە ڕەهەندەکانی سیاسی، ئەخلاقی، ژیاری، سایکۆلۆژی و یاسایی بکۆلرێتەوە.

وەك تاوانێکی جینۆساید و لە نێو بردنی بە کۆمەڵ و دژ بە مرۆڤایەتی بناسرێن دیارە ڕژێم زۆر هەوڵیدا ئەو تاوانانە بشارێتەوە و ئاسەوارەکانی رەش بکاتەوە. بەلام تاوانێکی وا گەورە چۆن ئاسەوارەکانی ڕەش دەبێتەوە و، زۆربەی ولاتان و هێز و لایەنەکانی عێراقی و ناوچەی تری جیهان دەوڵەتە زلهێزەکان و دەزگاکانی مرۆیی و میدیایی جیهانی ئەو کارەساتە تراژیدیایەیان ئەوروژاند بەلام وەك برینێکی قوڵی نەتەوەیی لە جەستەی گەلەکەمان مایەوە، تا رزگاربوونی بەشێکی فراوان لە خاکی کوردستان لە کاتی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا، کە ژمارەیەکی باش دکیومێنت و دەربارەی سەرجەم تاوانەکانی ئەو ڕژێمە دژی گەلییە کەوتنە بن دەست و زۆر لایەنی شاراوەی ئەو تاوانانە ئاشکرابوون، ئەگەر چی وەك پێویستە کاریان لەسەر نەکرایەو، پرسی ئەنفال و کیمیا بارانیش بایەخێکی ئەو تۆی پێ نەدراوە، بەلام هەنگاو هەلێنرایە، بۆیە نابێ

لێبگەڕێین چیتر دەرفەت لە دەست بچی، پێویستە هەرچی زوو بە پەلەیە کار و چالاکیمان بە گوڕتر بکەین، هەمومان پێکەوە کار بکەین بۆیە ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینوساید کردنی گەلی کورد (CHAK) لە کوردستاندا بە هاوکاری کەس و کاری ئەنفالکراوان و، دەستەو کۆمەڵەکانی کەلتوری، رۆژنامەوانی، کۆمەڵایەتی و جەماوەری و بە تایبەتی لاوان و خوێندکاران.... تاد. . دەستپێکی چالاکییەکان خۆی لەو ڕێگایەدا، لە بەردەم هوتێلی فەلەستین لە بەغدای ئازادکراو دەستپێدەکات، کەوا کاتژمێر (٢) ی پاش نیوەڕۆ پێنج شەممە لە ٨ / ٥ / ٢٠٠٣ مەراسیمێکی ماتەمینی هونەری و جەماوەری لە گۆڕەپانی فیردەوس دەگێڕی، هەر لەو مەراسیمەدا، یاداشتنامەیەك بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرز دەکرێتەوە کە تیایدا جەخت لەسەر چەند داوایەك دەکری، لەوانەیە:

- ئاشکرا کردنی چارەنووسی ئەنفالکراو و بێ سەر و شوێنەکان لە بارزانی و کورد و فەیلییەکان، دادگایی کردنی تاوانبارانی جینوساید کردنی گەلی کورد و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە عیراقدا.
- قەرەبوو کردنی زیانی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالەکان، هەروا دامەزراندنی چەند پرۆژەیەکی بەرهەمهێنەر کە لە قازانجی کەس و کاری قوربانیەکاندا بێت.
- پێکهێنانی لێژنەیەکی نێو دەوڵەتی، بۆ لێکۆڵینەوە پشکێن لە تاوانەکانی ئەنفال و جینوساید کردنی گەلی کورد.
- دیاری کردنی ناوی ئەو وڵات و کۆمپانیایانەی کە چەکی کیمیاییان بە عێراقداوە، هەروا قەرەبوی زیانەکانی بەکارهێنانی ئەو چەکانە بکرێن.
- هەوڵ بدری ١٦ ی ئادار بکرێتە، رۆژی قەدەغە کردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا هەروا بەرواری ٣/١٦ و ١٤ /٤ بکرێتە یادێکی ماتەمینی ساڵانە لە سەرانسەری عیراقدا.

لەو پێناوەدا ئێمە بانگێشەی گشت مرۆڤێکی کورد پەروەر و دۆستێکی مرۆڤایەتی دەکەین، جا سەر بە چ نەتەوە و رەگەز و رێبازێکبن، بۆ سەرخستنی ئەو هەوڵەمان هاوکاریمان بکەن، بە هەر شێوازێك کە بەباش دەزانن، بەشداری لەو چالاکییە بکەن، دەبا هەمووەمان پێکەوە ڕوو بکەینە گۆڕەپانی فیردەوس لە بەغدا، بۆ بەرز ڕاگرتنی مەراسیمەکە لە پێناو دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە عێراقدا.

**نوێنەرایەتی ناوەندی هەڵە بجە**

**دژ بە ئەنفال و جینوساید کردنی گەلی کورد**

**C. H. A. K**

**6-5-2003**

**www.chak.info**